

Gunnar Ekelöf

1968-1907


وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se


# دیوان
# لەسەر میری ئێمگیون*

لە بارەگای سەربازەکان
1001 سەری بۆنگرتووم بینی
لە دەڤەری جودای وڵاتەوە ناردرابوون
وەکو هەزار گوللە تۆپ
هەرِەمی لەسەر یەکدی هەڵچندرابوون.
لێ چیدی ئازار ناکێشن.
هەر مردوون.
ئەوجا بۆ من باسی ئازارەکانی خۆم بکەم؟
خۆ! جەستەی ئەوان ئارام و
بێ ئازارن.
دەژیم
لەناو ئەو تۆوی رقەدا دەژیم
کە ژن و کچەکانیان
بە "میرۆلۆیی"
بە میرات دەیدەنە منداڵەکانیان.
دایکی بێ منداڵ!
دایکی هەمووەمان!
ئەوجا، بێجگە لە خۆشویستنی تۆ،
چۆن دەتوانم شتێکیتر.

* قەسیدەیەکی درێژەی دوو بەشە، هەربەشەی بیست و نۆ شیعرە. ساڵی 1965 نووسراوە. باسی چارەنووسی میرێکی کورد دەکا لە سەردەمی بێزەنتینییەکان. لە ماوەی چەند مانگێکدا چاپدەکرێ .

Miroløyi میرۆلۆیی:
وشەیەکی گرێکییە، واتە سەردولکە. دەمێ کەسێک دەمرێ و بەدەم شینگێڕانەوە گۆرانی بەسەردا دەوترێ. ئەو گۆرانییانەی باسی چارەنووسی مردووەکە، باسی جوانی و ئازایەتی، یان شێوەی مردنی دەکەن.


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com